کوژرانی زانایێکی ئێتۆمی وخێزانەکەی لە تارانی پایتەختی ئێران

ئەمە شەممە،میدیاکانی ئێران بڵاویکردەوە، لە هێرشەکانی کۆتایی هەفتەی رابردوی ئیسرائیلدا بە سەر تاران، زانایێکی ئێتۆمی وە تەکەیان بە ناوی د. ئیسار تەباتەبایی لەگەڵ هاوسەرکەیدا لە ماڵەکەی خۆی لە تاران کوژراون.

ئەو زانایە لە "زانکۆی پیشەسازی شەریف" لە تاران وانەی وتووەتەوە، زانکۆکە لە راگەیەندراوەکدا لەگەڵ ئاشکراکردنی هەواڵی کوژرانیدا وتویەتی، د. ئیسار تەباتەبایی، ساڵانێکە لە بواری پیشەسازی ئێتۆمی ئێراندا کاری کردوە.

لە هێرشەکانی ئیسرائیلدا بە سەر ئێران تاوەکو ئێستا کوژرانی 9 زانای ئێتۆمی ئەو وە تە پشتڕاست کراوەتەوە کە بەپێی بەشێك لەمیدیا جیهانییەکان ژمارەیان زیاترە لەوە.